| | |
|---|---|
| **IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT**<br>Kurdistan-hawler<br>No:<br>Date: | **پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**<br>**کوردستان ـ هەولێر**<br>ژمارە :<br>بەروار : ٢٠١٥/٥/٢٩ |

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارە ٢٩٩٢
بەروار ٢٠١٥/٥/٢١
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

کاروبا

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق

### ب/ پڕۆژە یاسا

سڵاوو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پڕۆژە یاسای (**هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥**) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | د. ڕێواز فایەق حسین | |
| -٢ | شێرزاد ئازاد محمد | |
| -٣ | گەشە دارا حەفید | |
| -٤ | تەلار لطیف | |
| -٥ | د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر | |
| -٦ | سالار محمود | |
| -٧ | عباس فتاح صالح | |
| -٨ | صالح فقێ محمد امین | |
| -٩ | سۆزان عومەر | |
| ١٠ | سەرکەوت حسن محمد | |

-١١ ئەنوەر شکری محمد

| | | |
|---|---|---|
| | هرێم محمد عبدی | ١٢ |
| | حوزن صابر اسماعیل | ١٣ |
| | هەورامان کەریم یاسین | ١٤ |
| | قادر ابوبکر رسول (قادر زرگەیی) | ١٥ |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

### ماددەی یەکەم:

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێتو تایبەت دەبێت بەپێناسەی چەمکەکان بەم شێوەیە:

١. هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢. پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣. سەرۆك: سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق.

### ماددەی دووەم:

ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەبێت:-

هەرێمی کوردستان- عێراق سەرۆکێکی دەبێت بە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان_ عێراق) دەناسرێت، هێمایە بۆ یەکگرتویی خاكو گەلی کوردستان، لەبۆنە فەرمیو گشتییە نیشتمانیو نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، پابەند دەبێت بەپاراستنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان.

### ماددەی سێیەم:

ماددەی دووەمی یاساکە دەکرێتە دوو برگەو بەم شێوەیە دەبێت:-

١. بەدەنگی (٣/٢) ی ئەندامانی، پەرلەمانی کوردستان لەدەنگدانێکی نهێنیدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق هەڵدەبژێرێت.

٢. ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك ئەو دەنگەی بەدەست نەهێنا کە لەبرگەی (١)ی ئەم مادەیەدا هاتووە، ئەوا کێبەرکێ دەکەوێتە نێوان خاوەنی دوو زۆرترین دەنگ، هەریەکەیان متمانەی زۆرینەی پەرلەمانتارانی وەرگرت دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی سێهەمی یاساکە دەکرێتە سێ بڕگەو بەم شێوەیە دەبێت:-

١. ویلایەتی سەرۆک بۆ (٤) ساڵە، تەنها بۆیەك جاریش یارای هەڵبژاردنەوەیە.

٢. سەرۆك لەماوەی (٦٠) ڕۆژ لەبەرواری ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

٣. بەدەر لەحوکمی بڕگەی (٢) ی ئەم ماددەیە، لەبەرواری (٢٠١٥/٨/٢٠) پەرلەمان بەگوێرەی ماددەی سێهەمی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێرێت، کە ویلایەتەکەی لەگەڵ خولی چوارەمی پەرلەماندا کۆتایی دێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

١. ویلایەتی سەرۆك بەکۆتایی هاتنی خولی یاسادانانی پەرلەمان کۆتایی دێت.

٢. سەرۆك تا کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی گشتیو دانیشتنی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ، لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت.

٣. ئەگەر بەهەر هۆکارێك پێگەی سەرۆك چۆڵ بوو جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە، تا لەماوەی (٤٥) ڕۆژ لەبەرواری چۆڵ بوونی پێگەکەیەوە، پەرلەمان سەرۆکێکی نوێ بەهەمان ڕێوشوێن بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە لەویلایەتی سەرۆك ماوە هەڵدەبژێردرێت.

٤. سەرۆکی نوێ دەتوانێت لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبەرواری دەستبەکار بوونی، بەهەمان ڕێوشوێن کە لەم یاسایەدا هاتووە، جێگرێکی نوێ بۆ خۆی دیاری بکاتو لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ بدرێت.

٥. ئەگەر ئەو ماوەیەی لەویلایەتی سەرۆك مابوو، کەمتر بوو لە (٦) مانگ، ئەوا هەموو دەسەلاٌتەکانی تا ئەنجامدانی هەلٌبژاردنی گشتی دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران.

## ماددەی شەشەم:

ماددەی چوارەمی یاساکە هەلٌدەوەشێتەوە

## ماددەی حەوتەم:

ماددەی پێنجەمی یاساکە بڕگەکانی (٤، ٥، ٦، ٧) ی بۆ زیاد دەکرێتو بڕگەکانی (١، ٢، ٣)ش بەم شێوەیە دەبن:-

مەرجە پالێوراو:-

١. ئەهلیەتی یاسایی کاملٌی هەبێتو لەکاتی پێشکەش کردنی داواکەیدا تەمەنی لە (٤٠) سالٌ کەمتر نەبێت.
٢. هاوولاٌتیو نیشتەجێی کوردستان- عێراق بێت.
٣. تاوانبار نەکرابێت بەتاوانێکی ئابڕووبەر.
٤. لەهەموو مافە مەدەنیو سیاسیەکانی بەهەرەمەند بێت.
٥. لانیکەم هەلٌگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت.
٦. بەشدار و هاوکار نەبووبێت لەهیچ پڕۆسەیەك کەدژ بەخاكو گەلی کوردستان ئەنجام درابێت.
٧. پشتگیری چواریەکی ئەندامانی پەرلەمان یان سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگایەك یان واژۆی (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاوولاٌتی کوردستان- عێراق بۆ خۆپالاٌوتن بەدەستبهێنێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شەشەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەی حەوتەم دەکرێتە پێنج برگەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١. داوای خۆپاڵاوتن لەماوەی (١٠) ڕۆژدا لەبەرواری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیەکەی، پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێت.

٢. سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی (٧) ڕۆژدا لەبەرواری دوا وادەی پێشکەش کردن داواکە یەکلایی دەکاتەوە.

٣. ئەگەر داواکە ڕەتکرایەوە، پاڵێوراو لەماوەی (٧) ڕۆژدا لەبەرواری پێ ڕاگەیاندنی، دەتوانێت لەبەردەم دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان تانە لەبڕیاری ڕەتکردنەوەکە بدات.

٤. دادگای تەمیز لەماوەی (٥) ڕۆژ لەبەرواری پێشکەش کردنی تانەکە، بڕیاری یەیکلاکەرەوە دەدات و بڵاوی دەکاتەوە، پاڵێوراویش لەرۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە بەپێ ڕاگەیەنراو دادەنرێت.

٥. (١٥) ڕۆژ پێش دانیشتنی تایبەت بەهەڵبژاردنی سەرۆك، سەرۆکایەتی پەرلەمان ناوی پاڵێوراوان ڕادەگەیەنێت.

**ماددەی دەیەم:**

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە

**ماددەی یانزدەم:**

ماددەی نۆیەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیە دەبێت:-

سەرۆك لەماوەی (١٧) رۆژ لەبەرواری هەڵبژاردنی، پێش دەستبەکاربوون، ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم پەرلەماندا دەخوات:-

(سوێند بێت بەخوای گەورە، پارێزگاری لەیەکگرتوویی خاك‌و گەلی کوردستان، بەرژەوەندیەکانی هاووڵاتیان، ماف‌و ئازادیی‌و دەستکەوتەکان بکەم، ئەرك‌و فەرمانەکانم بەدڵسۆزی‌و بێ لایەنی‌و دروستی ئەنجام بدەم، رۆڵی نێوەندکار لەنێو دەسەڵاتە گشتییەکاندا بگێرم).

**ماددەی دوانزدەم:**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەبێت:-

١. سەرۆك لەماوەی (٣٠) رۆژ لەبەرواری دەستبەکاربوونی، جێگرێك بۆ خۆی دیاری دەکات‌و لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی رەها متمانەی پێ دەدرێت.
٢. جێگری سەرۆك لەماوەی (١٥) رۆژ لەبەرواری هەڵبژاردنیەوە، لەبەردەم پەرلەماندا هەمان سوێندی سەرۆك دەخوات.
٣. لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکدا، جێگر بەهەموو دەسەڵاتەکانەوە جێگەی دەگرێتەوە.
٤. سەرۆك بە سیستم، بەشێوەیەکی هەمیشەیی هەندێك لەئەرك‌و دەسەڵاتەکانی بەجێگرەکەی دەدات.
٥. سەرۆك دەتوانێت داوای دەست لەکارکێشانەوەی جێگر قبوڵ بکات‌و پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە، بەمەرجێك لەماوەی (١٥) رۆژ لەبەرواری قبوڵ کردنی دەستلەکارکێشانەوەکە کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە دیاری بکات‌و بیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ متمانە پێدانی.

٦. سەرۆك یان $\frac{1}{4}$ ی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای بەخشینی جێگر بکەن بەنوسراوێکی هۆدار، دواتر داواکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمانو ئەگەر بەزۆرینەی ڕەها قبوڵ کرا جێگر لەپۆستەکەی دەبەخشرێت.

## ماددەی سیانزدەهەم

ماددەی دەیەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

**یەکەم/** لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا، لەبەرواری دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، بەمەرسومێکی هەرێمی پەرلەمانی کوردستان بۆ دانیشتنی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی نوێ بانگهێشت دەکات، بەپێچەوانەوە، کاژێر (١٢)ی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی سەرەوە پەرلەمان خۆی کۆدەبێتەوە.

**دووەم/**

١. ڕاسپاردنی پاڵێوراوی زۆرینەی پەرلەمانی لەماوەی (٧) ڕۆژ لەبەرواری ناونانی لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکەی لەماوەی (٤٥) ڕۆژ لەبەرواری ڕاسپاردنیەوە.

٢. ئەگەر پاڵێوراوی ڕاسپێردراو لەو ماوەیەدا لەپێکهێنانی وەزارەتەکەی سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا بەهەمان ڕێوشوێن، کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ماوەیەکدا کە لە (٢٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، ڕادەسپێرێت.

٣. ئەگەر بۆ جاری دووەم پاڵێوراوی زۆرینەی پەرلەمانی شکستی هێنا، ئەوا لەماوەی (٧) ڕۆژدا لەبەرواری ناونانی لەلایەن پەرلەمانەوە، پاڵێوراوی دووەم زۆرینەی پەرلەمانی بۆ پێکهێانی وەزارەتەکەی لەماوەی (٢٠) ڕۆژدا ڕادەسپێرێت.

**سێیەم/** پێشنیارکردنی پڕۆژە یاساو بڕیار بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**چوارەم/**

١. واژۆکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دەریاندەچوێنێت، لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبەرواری گەیشتنی بەسەرۆکایەتی هەرێم.

٢. سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا بۆ تەنها جارێك ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێك لەو یاسایە دەربېڕێت‌و بۆ چاوپیاخشاندنەوە بۆ پەرلەمانی بنێرێتەوە، بڕیاری پەرلەمان لەو ڕووەوە بەدەنگی زۆرینەی ڕەها یەکلاکەرەوە دەبێت.

٣. ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەو ماوەیەدا کە لەخاڵی (١)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە، واژۆی لەسەر یاساو بڕیارەکان نەکردو ناڕەزایشی لەسەریان نەبوو، ئەوا بەدەرچوو دادەنرێت‌و لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

**پێنجەم/** لەکاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بۆ کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسێکی دیاریکراو کە کۆبوونەوەکەی بۆ ڕێکخراوە، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی لەبڕیارەکاندا هەبێت.

**شەشەم/**لەکاتی پێویستدا دەتوانێت بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر پرسێکی دیاریکراو.

**حەوتەم/** دەرکردنی لێبووردنی تایبەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان‌و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری، بەدەر لەوەی پەیوەستە بەمافی تایبەت، بەمەرجی ڕیزپەڕکردنی حوکمدراوان بەتاوانە نێودەوڵەتیەکان، تیرۆر، خیانەتی نیشتمانی، گەندەڵی دارایی‌و کارگێڕی.

**هەشتەم/** پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدان.

**نۆیەم/** هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە لەژێر فەرماندارى گشتى سەرۆکى ئەنجومەنى وەزیراندان، تەنها لە بۆنەکانو بۆ مەبەستى تەشریفات لەژێر فەرماندەی گشتى سەرۆکدا دەبن.

**دەیەم/** دەرچواندنی مەرسومی هەرێمی دامەزراندنو بەخشینی پلە تایبەتەکان، لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**یازدەم/** دەرچواندنی مەرسومی هەرێمی سەربازی بۆ بەخشینی، خانەنشینکردن، پێدانی پلەی سەربازی بەئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

**دوازدەیەم/** بەخشینی نیشانەو مەدالیا بەمەرسوم لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەگوێرەی یاسایەك کە بۆ ئەم بابەتە دەردەچێت.

**سیانزدەیەم/** جاڕدانی باری نا ئاسایی بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانو پاش ڕەزامەندی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان، لەحاڵەتی شەڕ، داگیرکاری، کارەساتی سروشتی یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گوازراوە، بۆ ماوەیەك کە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، قابیلی نوێکردنەوە دەبێت بەهەمان ڕێوشوێنی یاسایی.

**چواردەیەم/** کاتێ پەرلەمانی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزیر لەمتمانە دەخات سەرۆکی هەرێم مەرسومی هەرێمی قبولکردنی دەستلەکارکێشانەوەیان لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری گەیشتنی بڕیارەکەی پەرلەمان دەردەچوێنێتو، داواشیان لێدەکات لەکارەکانیان بەردەوام بن بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە تا دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ.

**پانزدەیەم/** فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێت، داواشیان لێدەکات لەئەرکو فەرمانی خۆیان بەردەوام بن بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە تا دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ.

**شازدەیەم/**

١. لەم بارانەی خوارەوەدا، بەمەرسومێك كە تێیدا هۆكارەكەی دیاری كرابێت پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە:-

أ- ئەگەر پتر لەنیوەی ئەندامەكانی دەستیان لەكار كێشایەوە.

ب- ئەگەر لەماوەی (٤٥) چلو پێنج ڕۆژدا لەبانگهێشتكردنی پەرلەمان بۆ كۆبوونەوەی یەكەمی خولی هەڵبژاردنی نوێ، ژمارەی یاسایی ئەندامان بەدەست نەهات.

ت- ئەگەر پەرلەمان متمانەی بەئەنجومەنی وەزیران، لەسێ پێكهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لەدوای یەكدا نەدا.

پ- ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان گۆڕاو، خولی هەڵبژاردنیش (٦) شەش مانگ یان كەمتری مابوو.

٢. لەباری ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا ناتوانێت پەرلەمان هەڵوەشێنرێتەوە.

**حەڤدەیەم/** دەركردنی مەرسومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەلەمانی كوردستانو دیاریكردنی كاتەكەی لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لەبەرواری هەڵوەشاندنەوەی، یان بولانیكەم لەماوەی (٦٠) ڕۆژ پێش كۆتایی خولی هەڵبژاردن.

**هەژدەیەم/** بەڕەزامەندی ٣/٢ی ئەندامانی پەرلەمان، دەتوانێت لەکاتی پێویستدا ڕێگە بدات بەهێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بێنە ناو هەرێم یان هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

**نۆزدەیەم/** دەرکردنی مەرسومی دامەزراندن، بەخشینو خانەنشینکردنی دادوەرانو سەرۆكو ئەندامانی داواکاری گشتی، دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

## ماددەی چواردەیەم:

ماددەیەکی نوێ بۆ یاساکە زیاد دەکرێتو بەم شێوەیە دەبێت:-

هەموو ئەو مەرسومو فەرمانانەی کە دەبێت بەپێی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی دیکە لەلایەك سەرۆکەوە دەربکرێن، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لەبەرواری گەیشتنیان بەسەرۆکایەتی هەرێم بەدەرچوو ئەژمار دەکرێن، ئەگەر لەو ماوەیەدا دەرنەچوێران یان بە بڕیارێکی هۆدار بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم رەت نەکرانەوە.

## ماددەی پازدەیەم:

ماددەی یانزدەیەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەبێت:-

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی بەیاسا ڕێکدەخرێت.

## ماددەی شازدەم:

ماددەی سیانزدەیەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

## ماددەی حەڤدەیەم:

ماددەی چواردەیەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

ماددەی پانزدەیەم لەیاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ماددەی شانزدەیەمی یاساکە بەم شێوەیە هەمواردەکرێتەوە:-

ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم، لەم بارانەی خوارەوەدا بەبڕیارێك لەلایەن پەرلەمانەوە کۆتایی پێدەهێنرێت:-

١. ئەگەر سەرۆکی هەرێم داوای دەستلەکارکێشانەوە بەنوسراو پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات، دوای تێپەڕبوونی (١٠) ڕۆژ لەبەرواری پێشکەشکردنی داواکەیەوە پەرلەمان بەزۆرینەی ڕەها بڕیار وەردەگرێت.

٢. ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك نەتوانێت ئەرك‌و فەرمانەکانی هەڵسوڕێنێت بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانتاران لەپۆستەکەی دەبەخشرێت.

٣. بەدەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان، لەدەنگدانێکی نهێنیدا لەئەرك‌و فرمانەکانی دەبەخشرێت، لەسەر بنەمای لێپرسینەوە یان لەکاتی پێشێلکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان‌و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم، بە داوای (٢٥) ئەندامی پەرلەمان.

**ماددەی بیستەم:**

ماددەی حەڤدەیەم لەیاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی بیست‌ویەکەم:**

کار بەهیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی بیستودووەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیستو سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێتو لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆکارەکانی دەرچوون

بەمەبەستی رێکخستنەوەی ئەحکامەکانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو گونجاندنی لەگەڵ هەڵومەرجو دۆخی نوێی سیاسی لەهەرێم، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.